# پەیامی ناسك ئەحمەد بۆ ژنانی كوردستان، سەبارەت بەبەشداری نەكردنیان لەسیناریۆی گالتەجاری هەلبژاردندا



## ژنانی ئازادیخواز ودڵ پر لەهیوای كوردستان..

## جەماوەری ئازادیخواز..

بەپێی راگەیاندنی تا ئێستا بڕیاروایە كۆتایی ئەم مانگە ئەوسیناریۆ گاڵتەجارانەیەی كە دەستەی فەرمانرەوای ئەمریكا و دە ستوپێوەندەكانی لە عێراقدا ناویان لێناوە هەڵبژاردن بەرێوە بچێت .جەنابی جۆرج بوش مژدەی ئەوەی دا بەخەڵكی عێراق وناوچەكە, كە لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە نیزامێك لەعێراقدا دەهێنێتە ئاراوە كەنموونەیی بێت لە پاراستنی ماڤ مرۆڤ و بەقەولی خۆی لە دیموكراسی لەناوچەكەدا، بەڵام ببینن دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریكا مژدەكەی خۆی چۆن دەباتە سەر.

دوای وێرانكردنی بنەما وشیرازە مەدەنیەكانی كۆمەلگای عیراق بەمانای فراوانی ووشەكە و كردنی عیراق بە گۆرەپانی تیرۆر و تەراتینی دەستەو تاقمی تیرۆرستی ئیسلامی ومافیای وچەكدار وكیشمەكیشی نیوان خۆی و ئیسلامی سیاسی و لەبەین بردنی سەرەتاییترین زەمانەت تەنانەت بۆ ژیانكردن و مانەوەی خەلكی بەزیندویی دەیەویت لەم هەلومەرجەدا سیناریۆیەك بەناوی هەلبژاردنەوە بۆ شەرعیەت دان بە حكومەتكردنی تیكەلاویكی دینی و قەومی و عەشیرەتی لە دارودەستەی خۆی كە بیگانەن بە سادەترین خواستی خەلكی بەزۆر بكات بە قورگی خەلكی عیراق ودنیادا و دواتریش لەم ریگەیەوە شەرعیەت بە مانەوە و ووجودی خۆی بدات لەعیراقدا.. لەسەرەتاوە دەستوورێكی كۆنەپەرست ودواكەوتووی دایە دەست ئەوتێكەلاوە لە ئەحزابی قەومی ودینی وعەشیرەتی كە لە هیچ دەولەت و كۆمەلگایەكی مۆدیرن وسالمی ئەمرۆدا تاكە كریاریكی بۆ پەیدا نابێ وبەوێنەی حكومەتی كاتی رایگەیاندن!. ئەمرۆش دوای ئەوەی كە كورسیەكانیان بۆ ئەندازیارانی قەومیەتەكان ودینەكان وعەشیرەتەكان دیاریكردووە, ئینجا دەیەوێ لەژێر ناوی هەڵبژاردندا پەنجەمۆری خەڵكیان بۆ وەربگرێ وبیانكەتە دەسەلاّتی هەمیشەیی بەسەر سەری خەڵكەوە. دەسەلاّت لەمە نموونەیی تر لە چ جێگایەكی دنیادا پەیدا دەبێت؟!. ئەمە تەنانەت گاڵتەكردنە بەو مۆدێلە لەهەڵبژاردن كە تا ئێستا لە دنیادا باوە. ئەمە تەنیا دەكرێ ناوی گاڵتەجاری مێژووی لەسەر دابنرێ.

لە هەڵبژاردنێكدا كە پێشتر ئاكامەكەی دیاری كرابێت و دەسەلاّت بۆ مشتێك كۆنەپەرستی قەومی ودینی پاوان كرابێت ورێژەی كورسیەكانیان بۆ دانرابێت, لەهەلبژاردنیكدا كە خودی ئەمەریكا و دەسەلاّتە كاتیەكەی لە عیراقدا رایانگەیاند كە لە شەش شاری عیراقدا ناتوانرێ هەلبژاردن بكرێ ، لە هەلبژاردنیكدا كە بەپیّی ئەو خەلكی كورد بە زۆر و بەبێ ئیرادەی خۆی ئەلكیننەوە بە دەولەتیكەوە كە پیشتر رایانگەیاندووە عەرەبیە وبەم پێیەش خەڵكی كوردزمان پلەدوو ئەبن ..... نەك هەر تەنیا نابێت خەڵكی بەشداری تێدا بكەن, بەڵكو دەبێ ببێتە جێگای مەسخەرەی خەڵك ونارەزایەتی فراوانی كۆمەلاّیەتیان.

## ژنـانی ئـازادیخوازی كوردستـان !

هەشتا ساڵ بەرلەئێستا كە لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا بەنارەوا خەڵكی كوردستانیان لكاند بە حكومەتێكی قەومی عەرەبیەوەو هاوولاّتی بوونی پلەدوویان دا لە گەردنی خەڵكی كوردستان, ئاكامی ئەم سیاسەتە بە قیمەتی تراژیدیای ئینسانی زۆر گەورە لەسەر خەڵك تەواو بووە, هەزاران دیهات لەگەڵ زەویدا یەكسان كراوە, سەدان ئینسانی ئازادیخواز لەژێر چەقۆدا گیانی لەدەستداوە,هەزاران ئینسان بێسەرو شوێن كراوە. ئەحزابی بزووتنەوەی كوردایەتی هەر بەم ناوەوە دەیان هەزار لاوی ئەم وولاّتەیان كردۆتە قوربانی وبەكوشتنیان داون. ئەگەر ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنە ناكام نەكرێتەوەو خەڵكی كوردستان دووبارە دەبنەوە بە قووربانی سەركردایەتی یەكێتی وپارتی. ئەوا ئەو سیناریۆیە دووبارە دەبێتەوە. دوای ماوەیەكی تر دەیان قەڵەم بەدەستی ناسیونالیزمی كورد وحزبەكانیان دەكەونەوە باسی هەڵەی سیاسی حزبەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی و دەیان ساڵی تریش لاوان كێش دەكەنەوە نێو جەهەنەمی جەنگی قەومی. دەبێ لەئێستاوە بەر بەم كارەساتە بگیرێ.

ژنانی كوردستان ج پێشتر لەسایەی دەسەلاّتی دژی ئینسانی بەعسدا, هەم وەك كوردبوونیان هاوولاّتی پلە دوو بوون, هەم بەپێی قانوونی كۆنەپەرستی ئەحوال شەخسی ئیسلامی رژێم دووبارە ئینسانی پلە دوو بوون. ئەمەریكا و دارودەستەكەی لە عیراقدا, لەم میراتیە دژە ئینسانیە زیاتریان بە ژنان رەوا نەبینی یەكەم كاریان پەسەند كردنی قانوونی ئەحوال شەخسی ئیسلامی و پلەدووی ژنان وقانوونی رەجم وتیرۆری ژنان بوو.. بۆ ئاسانكردنی بەریوەچوونی ئەم بەربەریەتەشیان بەشیوەیەكی مەسخەرەئامیزانە هاتوون باس لە بەشداری و نۆینەرایەتی ژنان دەكەن لەحكومەتەكەیاندا، تا لەریگەی ئەم ژنانەوە لە دنیای مۆدیرنی ئەمرۆدا تازە قانوونی كوشتن و رەجمی ژنانی عیراق برەو پێ بدەن وبلێین ئەوە ژنانی عیراق خۆیان ئەم قانوونەیان دەویت و ئەمە خواستی خودی ژنان وخەلكی عیراقە.

## ژنان، پیاوان ، ئازادیخوازانی کوردستان !

بەداخێکی گرانەوە ئاکامی جەنگی تیرۆریستەکان لەعێراقدا ئاسۆیەکی نزیك بە پێکهێنانی حکومەتێکی
غەیرە قەومی و غەیرە دینی ناهێنێتە پێش چاو لەسەرتاسەری عیراقدا،کە تیایدا هەموو وەك هاوولاتی ئازادو یەکسان پێکەوە بژیاینایەو دراوسێی یەك بووینایە. بۆیە دەبێ خەلکی کوردستان هەوڵبدەن هەر ئیستا لەجیاتی سیناریۆی هەلبژاردن دەولەتیکی سەربەخۆ بۆ خۆیان پیکبینن لە ریگای ریفراندۆمێکی ئازادی دانیشتوانی کوردستانەوە کە بریار لەسەر چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگاکەیان بدەن.ئەمە فرسەتێکی مێژووییە، بەچارەنووسی هەموومانەوە بەندە،ئایندەی ژیانی هەموومان دیاری دەکات. بانگەوازتان دەکەم لەگەڵ هەوڵەکانی ئێمەو ئازادیخوازاندا بن، بۆ بریار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان وپێکهێنانی حکومەتێکی مۆدێرن وپێشکەوتووخوازی غەیرە دینی و غیرە قەومی.

**ناسك ئەحمەد**